
QAIWAN UNIVERSITY
UTM UNIVERSITI TEKNOLOGI MALAYSIA


Raparin main road, slemani, Kurdistan region - iraq.
info@uniq.edu.iq
+964 772 141 1414

DRAW
دامەزراوەی میدیایی دڕەو

# پەروەردە بە زمانی ژمارەو داتا




13:32:10 2019-09-21

راپۆرت: محەمەد ڕەئوف- فازل حەمەڕەفعەت

نزیکەی (ملیۆنێك‌و 800 هەزار) قوتابی‌و خوێندكار بۆ ساڵی نوێی خوێندن رویان لە خوێندنگەكان كردەوە، لە دواین یاسای بودجەدا كە ساڵی 2013 دەرچووە، كەرتی پەروەردە رێژەی 16%ی بودجەی گشتی بۆ تەرخانكراوە، بەڵام هێشتا ئەم كەرتە یەكێك لە خراپترین كەرتە گشتییەكان لە هەرێمی كوردستان، ئامارەكانی خوێندنی ساڵی 2017-2018 باسلەوە دەكەن، رێژەی 60%ی بینای خوێندنگەكان پێویستیان بە نۆژەنكردنەوەیە، نزیكەی (2 هەزار) خوێندنگە

زیاتر لە دوو دەوام تاوەکو پێنج دەوامیان تێدا دەکرێت، زیاتر لە (3 هەزار) خوێندنگە کارەباو دیوارو باخچەی تایبەت بەخۆیان نییە، ئەم راپۆرتە بە داتاو ژمارە وردەکاری دۆخی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو.

## زەنگێکی مەترسیدار

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خوێندنگەیەکی بنەڕەتی شاری دهۆك بەقەیرانێکی کۆنەوە زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020ی لێدا.

نزیکەی (7 هەزار) خوێندنگە ئەمڕۆ دەرگایان بەڕووی نزیکەی (ملیۆنێك‌و 800 هەزار) قوتابی‌و خوێنکاردا کردەوە، واتە رێژەی 32%ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان وەکو قوتابی داخڵی پرۆسەی خوێندن بوون، ئەمە جگە لە نزیکەی (130 هەزار) مامۆستاو فەرمانبەر کە پرۆسەکە بەڕێوەدەبەن.

ئەو خوێندنگایەی کە سەرۆکی حکومەت زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی تێیدا لێدا، دوو ناوی هەیە (قوتابخانەی نی رەنگ- قوتابخانەی رێباز)، واتە لە یەك بینادا دوو خوێندنگە هەیە، ئەمە حاڵی زۆربەی خوێندنگەکانە لە هەرێمی کوردستان، یەك بیناو دوو خوێندنگەو دوو کاتی جیاوازی دەوامکردن.

سەرۆکی حکومەت لە وتاری دەستپێکی خوێندندا وتی:" بەپێی بەداواچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە 3500 پۆلی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لە کێشەی چەند دەوامی رزگاری بێت‌و قوتابییە خۆشەویستەکانمان لە قوتابخانەی شیاودا بخوێنن".

## کورتەیەك لەبارەی وەزارەتی پەروەردەوە

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە 1992 دامەزراوە، وەزارەتی پەروەردە بە یاسای ژمارە (4) ساڵی (1992) کاری خۆی دەکات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە سایتی فەرمی وەزارەتی پەروەردەدا بڵاوکراوەتەوە، لە دیوانی وەزارەت (5) راوێژکار هەیە، لەناو دیوانی وەزارەتدا (12) بەرێوەبەری گشتی هەیە، سەرەڕای بەرێوەبەری گشتی پەروەردەکان، لەگەڵ (7) بەرێوەبەرایەتی لەناو دیوانی وەزارەتی پەروەردە.

وەزیری نوێی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ناوی (ئالان حەمەسەعید)ە کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم وەزیرە لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا بە گوڕو تینەوە داخڵی پرۆسەکە بووە، بەڵام نازانرێت ئایا دەتوانێت چارەسەری هەندێك لە کێشە زۆرو زەوەندەکانی پەروەردە چارەسەربکات، یاخود وەکو وەزیرەکانی تر هەندێك کێشەی تر بۆ کەرتەکە بەدێدەهێڵێت.

وەزارەتی پەروەردە لەدوای دروستبوونیەوە، زۆرینەی کات لای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆیە بەرپرسیارێتی گەورەی شکستی ئەم کەرتە بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی پارتیدایە، یەکێتی نیشتمانی بەرپرسیارێتی یەك کابینەی دەکەوێتە ئەستۆ کە ئەو پۆستەی لەدەستدابووە، ئەمە سەرباری بەرپرسارێتی ئەو ماوەیەی کە شەڕی ناوخۆ هەبووە لە نێوان هەردوو پارتەکەدا.

لیستی ناوەی وەزیرەکانی پەروەردە لە کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

- ناسیح غەفور کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ساڵی 1992 بوو بە یەکەمین وەزیری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.
- لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم ناسیح عەفور لە پۆستەکەی مایەوە.
- ساڵی 1996 بەهۆی شەڕی ناوخۆوە کابینەی حکومەت لەنێوان پارتیو یەکێتیدا دابەشبوو، حکومەتی هەر لایەك وەزیری پەروەردەی بۆخۆی دانا.
- ساڵی 2005 حکومەت یەکیگرتەوە، دڵشاد عەبدولرەحمان کە سەربە یەکێتی نیشتمانی بوو، بوو بە یەکەم وەزیری حکومەتی یەکگرتووی نوێی هەرێم.
- سەفین دزەیی کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە لە ساڵی 2009 بوو بە وەزیری پەروەردەو تاوەکو ساڵی 2014 مایەوە.
- پشتیوان سادق کە سەربە پارتی بوو، لە 2014 بۆ 2018 پۆستی وەزیری پەروەردەی وەرگرت.
- ئالان حەمە سەعید کە سەربە پارتییە ئێستا وەزیری پەروەردەیە.

## پەروەردە بە زمانی ژمارەو داتا !

بەپێی راپۆرتی ئینستتیۆتی (پەی) بۆ پەروەردەو گەشەپێدان کە  تایبەت بە خوێندنی ساڵی 2017-2018 ئامادەی کردووە، لەکۆی (5 هەزارو 234) خوێندنگە لە هەرێمی کوردستان:

- (30)  قوتابخانە بیناکانیان لە گڵو قوڕ دروستکراون.
- (3 هەزارو 162) خوێندنگە پێویستان بە نۆژەنکردنەوە، واتە 60%ی کۆی گشتی قوتابخانەکان لە هەرێم.
- (هەزارو 785) قوتابخانە دوو دەوامی تێدا دەکرێت.
- (134) قوتابخانە سێ دەوامی تێدا دەکرێت.
- (5) قوتابخانە چوار دەوامو پێنج دەوامی تێدا دەکرێت.
- (194) قوتابخانە لە بینای کرێدان.

- (100) قوتابخانه كارەبایان نیه.
- (501) خوێندنگه شورا (دیوار)یان نیه، ئەم ژمارەیه دەكاته رێژەی (9%)ی كۆی گشتی خوێندنگەكان له هەرێم.
- (194) قوتابخانه له بینای كرێدان.
- (هەزارو 395) قوتابخانه، قوتابخانەی میوانن، واته له بینای تایبەتی خۆیاندا نین.
- (2 هەزارو 411) قوتابخانەی باخچەی نیه، كه دەكاته رێژەی (46%) كۆی گشتی قوتابخانەكان له هەرێم.
- لەكۆی (317 هەزارو 619) رەحلەی یەك كەسیی، (36 هەزارو 84) رەحله پێویستی به چاككردن هەیه، ( 30 هەزارو 583) رەحله خراپه.
- لەكۆی ( 650 هەزارو 82) رەحلەی دوو كەسیی، (78 هەزارو 86) رەحله پێویستی به چاككردن هەیەو ( 53 هەزارو 483) رەحله خراپه.
- (350) قوتابخانه تەوالێتی مامۆستای نیەو (159) قوتابخانه تەوالێتی قوتابی نیه.
- (716) قوتابخانه تۆڕی ئاوی خواردنەوەی خاوێنی نیه.
- ژمارەی مامۆستا لەگەڵ میلاكدا یەكناگرێتەوه.
- (128 هەزارو 424) مامۆستا هەیه، كه (54 هەزارو 110) مامۆستای له رەگەزی نێر بەرێژەی (42%)و (74 هەزارو 311) مامۆستا له رەگەزی مێن به رێژەی (58%).
- نارێكی له دابەشكردنی مامۆستادا هەیه، قوتابخانه هەیه رێژەی زیاد له پێویستی مامۆستای هەیه، قوتابخانه هەیه ژمارەی مامۆستاكانی ئەگەر بەقەد خوێندكارەكانی نەبێت هیچی وای كەمتر نیه، قوتابخانەش هەیه به نزیكەی (700) خوێندكارەوه (10) مامۆستای هەیه، له هەرێم هەر مامۆستایەك 17 خوێندكاری بەردەكەوێت.



## پەروەردە.. بودجەیەکی نادیار !

سەرۆکی حکومەت هیچ قسەیەکی لەبارەی ئەوە نەکرد ئایا بودجەی تەرخانکردووە بۆ کردنەوەی بینای نوێی خوێندنگە یاخود نا، لەبری باسکردنی پرۆژەی حکومەت بۆ چارەسەری کێشەی بینا، داوای لە سەرمایەدارو وەبەرهێنەرانی ناوخۆ کرد ڕۆڵی "نیشتمانپەروەرانەی خۆیان بگێڕن"و لە هەڵمەتی کردنەوەی قوتابخانەی نوێ بەشداربن.

ماوەی (70) ڕۆژە کابینەی نوێی حکومەت دەستبەکاربووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حکومەت تائێستا بودجەی پەسەندنەکردووە، نازانرێت ڕێژەی لەسەدا چەندی بودجەی گشتی بۆ کەرتی پەروەردە تەرخان دەکات.

لەساڵی 2013وە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی نەبووە، بەرپرسان هۆکاری ئەمە بۆ شەڕی "داعش"و قەیرانی دارایی دەگێڕنەوە.

لەدواین بودجەی حکومەتی هەرێمدا کە ساڵی 2013 کاری پێکراوە، لە کۆی بودجەی ئەو ساڵە بڕی (ترلیۆنێك‌و 860 ملیار) دینار بۆ کەرتی پەروەردە تەرخانکراوە کە دەکاتەی 16%ی کۆی گشتی بودجەی ئەو ساڵە، ئەوە ساڵی زێڕینی کەرتی پەروەردە بوو لە هەرێمی کوردستان، چونکە بودجەی تەرخانکراوی وەزارەتی پەروەردە لە هەموو کەرتەکانی تر زیاتربوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی بوژاندنەوەی ژێرخانی کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، چونکە زۆرینەی بودجەکە بۆ موچەی مامۆستاو فەرمانبەرانی پەروەردە دەرۆیشت نەك کردنەوەی بینای

خوێندنگەو پرۆژەی پەروەردەیی نوێ.

ساڵی 2013 کە بودجەی وەزارەتی پەروەردە بەرێژەی 16%ی کۆی بودجە دیاریکرا، ژمارەی مامۆستاو فەرمانبەر (167 هەزارو 566) کەس بوو.

## وازهێنان لە خوێندن

دیاردەی وازهێنان لە خوێندن دیاردەیەکی خراپو مەترسیدارە لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان واز لە خوێندن دەهێنن، ئەمە جگە لەوانەی کە هەر پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووەو ناونوس نەکراون، کە ئەمانە هیچیان لەم ئامارانەدا نین.

ژمارەی ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە لە ساڵی خوێندنی 2017-2018 لەکۆی (ملیۆنێكو 741 هەزارو 762) قوتابی (34 هەزارو 527) قوتابی وازیان لە خوێندن هێناوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان فاکتەری ئابوری کۆمەڵایەتی هەیە، بەشێکیشی پەیوەستە بە ژینگەی قوتابخانەوە کە ژینگەیەکی نەگونجاوە لەگەڵ خواستو ویستەکانیاندا، زۆرێك لە قوتابخانەکان وەك سەربازگە یاخود زیندانێك وان بۆ قوتابیان، بۆیە هەست بە خۆشیو ئاسودەیی ناکات لە ناو بینای قوتابخانە، کەمیو نەبوونی وانەکانی (وەرزش، میوزیك، هونەر..هتد) کاریگەری زۆری لەسەر وازهێنانی قوتابی هەیە.

## چارەسەر

وەزیری نوێی پەروەردە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ماوەی زیاتر لە 40 رۆژە دەستبەکاربووە، ئەو وەزارەتێکی وەرگرتووە کە بەدەست ئەو کێشە کەڵەکەبووانەی سەرەوە دەناڵێنێت.

لە دەستپێکی کارەکانیدا وەزیری نوێ چەند بڕیارێکی دەرکرد بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەو کێشانە کە بریتین لە:

* هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی هەردوو بابەتی ( بیرکاریو زانست) بە زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، کە ئەمە لە رابردوودا کێشەیەکی زۆری بۆ خودی خوێندکارانو کەسوکاریانو تەناتەت مامۆستایانیش دروست کردبوو.

* قەدەغەکردنی وتنەوەی وانە لە خوێندنگە ئەهلییەکاندا لەلایەن مامۆستایانی قوتابخانە حکومییەکانەوە، ئەوەش بەمەبەستی رەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان کە چەند ساڵێکە دامەزراندن لە کەرتی حکومییدا وەستاوە.

* پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکاتی مامۆستایان و فەرمانبەران لە سەنتەری شارەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2019- 2020).

* ڕێگەنەدان بە کردنەوەی خولی بەهێزکردن و وتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لەو پەیمانگە پیشەییانەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مۆڵەتی پیشەییان پێدراوە.

ئەم بڕیارانەی وەزیری پەروەردە ئەگەرچی بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمدا گرنگن، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی کێشە قوڵەو گەورەکانی ئەو پرۆسەیە ناکات، چونکە چارەسەری کێشەکانی پەروەردە پێویستی بە بودجەی باشو پلانی ستراتیژی هەنوکەیی‌و درێژخایەن هەیەو بەشێك لەو کێشانە بەمشێوەیە چارەسەر دەبن:

* کەرتی پەروەردە بەدەست کەمی بیناو خراپی بیناوە دەناڵێنێت، بۆیە پێویستە حکومەت‌و وەزارەتی پەروەردە لەم بوارەدا بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکەن بۆ بونیاتنانی خوێندنگەی نوێ‌و نۆژەنکردنەوەو چاککردنی بیناکان‌و گونجاندنیان لەگەڵ سەردەمدا.

* دابینکردنی کەلوپەل‌و پێداویستییەکانی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کە ئێستا تەکنۆلۆژیای پێشکەتوو ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لەو پرۆسەیەدا.

* ڕێکخستنەوەی میلاکی خوێندنگەکان لە مامۆستاو فەرمانبەرو کارگوزارو باخەوان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، چونکە کێشە لە کەمی میلاکدا بەو شێوەیە نییە بەڵکو کێشەکە لە ڕێکخستنی میلاکاتدا هەیەو هەندێك خوێندنگە میلاکی زۆرەو هەندێکیش میلاکی زۆر کەمە.

* چاوخشاندنەوە بە بابەتەکانی خوێندن‌و گونجاندنیان لەگەڵ سەردەم‌و دۆخی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا.

* بایەخدان بە مامۆستایان، کە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن‌و گۆڕانکاریکردن لە دەستەی بەڕێوەبردنی خوێندنگەکاندا بەشێوەیەك کە ئەوانەی خوازیارن لەو بوارەدا خزمەت بکەن بواریان بۆ بڕەخسێت‌و ئەوانەشی چەندین ساڵە لەو ئەرکەدان‌و ماندووبون پشوو بدەن‌و بگەڕێنەوەو خوێندکاران‌و پەروەردەش سود لە ئەزمونیان وەربگرن.




Share Tweet Share

## بابەتی پەیوەندیدار

## ڕێکلام




## ڤیدیۆ

ئێزدییەکان ئیمارەتی شەنگالیان ڕاگەیاند



## بیروڕا



راوێژکار!

دڵشاد ئەنوەر



سەرۆکی حکومەت و پس مام

لەتیف فاتیح فەرەج



پەتەکەی بەرهەم ساڵح

رێبوار کەریم وەلی



هیچ.!

نەبەز جەلال

## دۆسییە

دەرچوانی زانکۆی قەیوانی نێودەوڵەتی دەبنە خاوەنی بڕوانامەیەکی جیهانی

## لە میدیاکانەوە

نزیکەی 16 ملیۆن دۆلاری بۆ خۆشەویستەکەی حەواڵە کردووە

چەند کەسێك لە سعودیەو ئیمارات کچانی ئێزدییان لە " داعش" کڕیوە

دەیلی تەلەگراف: پاکتاوکردنی مەسیحییەکان لەدەشتی نەینەوا بەردەوامە

ئەمریکا داوا لە ئەڵمانیا دەکات هێزی سەربازیی رەوانەی رۆژئاوای کوردستان بکات

خێزانی ( ئالان کوردی) لە فیلمی چیرۆکی مردنی کوڕەکەیان توڕەن

## فۆتۆ هەواڵ



هەواڵ راپۆرت ئابوری ئینفۆگرافیك دەربارە پەیوەندی

مافی بەرهەمەکان پارێزراوە بۆ درەو

Developed by Smarthand